## کیرۆش:

# دەرگای تیپەکەمان بە بەردەوامی کراوەیە



**کۆتاییەکانی مۆندیالی ٢٠١٠ دەبێتە یەکەمین بەشداری راهێنەری پورتوگالی کارلۆس کیرۆش لە مۆندیالدا، بەڵام باشووری ئەفریقیا نابێتە یەکەمین وێستگەی ئەو راهێنەرە. پێشتریش لە پاڵاوتنەکانی گەیشتن بۆ مۆندیالی کۆریا و ژاپۆنی ساڵی ٢٠٠٢ سەرپەرشتی وڵاتی ماندێلای کردووە، پاشان دەستی لە کارکێشاوە، ئەم راهێنەرە لە وڵاتی مۆزنبیق لە دایکبووە.**

*** ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردەی پورتوگال چۆن بەڕێوە دەچێت؟**

- لە بەرنامەکان بەردەوامین و کار دەکەین لەسەر ناوەڕۆکەکەی و دەمانەوێ روحێکی برایانە دروست بکەین و هەروەها خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ئۆردوگای مەشق و بەرنامەیەکی تێر و تەسەلی راهێنەر و مەشقمان هەیە و کاتێکی باشیشمان بۆ حەسانەوە هەیە.

*** چەند هەفتەیەك ماوە بۆ دەستپێکردنی یارییەکانی مۆندیال ئەرك و بەرپرسیارییەتیەتان چییە ؟**

- هەموو ئاواتمان ئەوەیە پێش دەست پێکردنی مۆندیال هیچ یاریزانێکمان تووشی پێکان نەبێت، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە بۆ راهێنەر، ئەگەر هاتوو تووشی ئەم حاڵەتە نەبووین، ئەوە دەبێ زیاتر گرنگی بە ئامادەکاری یاریزان و توانای جەستەیان بدەین.

*** پورتوگال توانی لە قۆناغی دووەمی پاڵاوتن سەرنجی جیهان رابکێشێ و هەشت گۆڵ تۆمار بکات و یەك گۆڵیشی لێ نەکرێ دواتر لە پاشکۆش لە بۆسنەی بردەوە، دەکرێ بزانین ئەم سەرهەڵدانە چۆن بوو؟**

- بە تەئکید بەهێزی ئیمان بوو بە کارەکانمان و بڕوامان هەبوو کە پورتوگال بە بەرنامەیەکی راست و دروست تێدەپەڕێ و هەندێ کەسیش ئاگاداری ئەوە نەبوون کە چ روودەدات، راستە لە دوو یان سێ یاری یەکەم دەمگوت ئەمە ئاستی خۆمان نییە و بڕواشم بەهێز بوو ئەم هەموو بەربەستە دەبڕین.

*** لە میوانداری کردنی باشووری ئەفریقیا کە یەکەمین جارە لە کیشوەری رەش پێستەکان ئەنجام دەدرێ بەچی سەرسامیت ؟**

- ئامادەکارییەکان بەشێوەیەکی رێکوپێك ئەنجام دەدرێ، سەرەڕای ئەم کەرنەڤاڵە گەورەیە و هەندێ کەس نازانن چ لەسەر زەوی روو دەدات لەم لا و لەو لا قسە دەکەن کە بەهیچ شێوەیەك لە میوانداری کردنی ئەم پاڵەوانێتیانە نازانن و دڵگران و لێی دەترسن، من گەشبینم لەو میوانداریەی باشووری ئەفریقیا، چونکە خۆی زۆر ماندوو کردووە و دەیەوێ بسەلمێنێت کە کیشوەری ئەفریقیا توانای میوانداریکردنی ئەم جۆرەخولە وەرزشییانەی هەیە.

*** پێشتر لەو وڵاتە ژیاویت، بارودۆخ و توانا و کەشوهەوای ئەو وڵاتە شارەزایت، دەکرێ بزانین تا چەند سوود لەم ئەزموونە وەردەگری؟**

- خۆشحاڵم کە پێشتر تاقیکردنەوەم لەو وڵاتە وەکو راهێنەر هەبووە و پەیوەندیم لەگەڵ زۆر کەسایەتی هەبوو، لە هەموو بوارێك شارەزاییەکی تەواوم لەسەر کەشو هەواش هەیە و زۆر بیرەوەریشم هەیە کە لای گەشتیاران سەرنجراکێش دەبێت و منیش ئاگاداری شاندی وڵاتی خۆم



دەکەمەوە تاکو چاوەڕوان نەکراو نەبێت لە پێشیان.

*** ئایا هیچ یاریزانێکی پورتوگالی لەم دواییەدا سەرنجی ڕاکێشای؟**

- زیاتر لە ٤٠ یاریزان سەرنجڕاکێش و گرنگن و بیرو هەستی منیان ڕاکێشاوە لەو کات و ساتەدا و هەنگاو بەهەنگاو چاودێریان دەکەم، ڕاستە ناتوانین ئێستا گۆڕانکارییەکی گەورە لە تیپەکەمان بکەین، بەڵام دەرگای هەڵبژاردەی پورتوگال بە بەردەوامی کراوەیە و ئامادەم هەموو کاتێك یاریزانێك ئاستی باش و لێهاتوو بێت بە سوپاسەوە بانگهێشتی هەڵبژاردەی پورتوگالی بکەین و بە سنگێکی فراوان پێشوازی لێ بکەین بە تایبەتی ئەو کەسانەی لە نێو یاریگا خۆیان ماندوو دەکەن و ئامادەن هەموو شتێك پێشکەش بە وڵاتەکەیان بکەن.



## گەر بردیانەوە چەند پاداشت وەردەگرن؟



سەرچاوە ڕۆژنامە وەرزشییەکانی ئیسپانیا ئەوەیان ئاشکرا کرد گەر هاتوو پاڵەوانانی ئەورووپا توانیان نازناوی مۆندیال ببنەوە ئەوە هەریەکە و بە بڕی (٥٥٠) هەزار یۆرۆ پاداشت دەکرێن، ڕۆژنامەی (ئەلمۆندۆ) دەڵێ ئەم پاداشتە دوو ئەوەندەی پاداشتی بردنەوەی نازناوی یۆرۆی ٢٠٠٨ دەبێت، کە هەر یاریزانێك بڕی ٢٥٠ هەزار یۆرۆی وەرگرت، جێگەی باسە هەڵبژاردەی ئیسپانیا یەکێکە لە کاندیدە بەهێزەکان بۆ بە دەستهێنانی مۆندیالی ٢٠١٠، ڕۆژنامەکە ئەوەشی ئاشکرا کرد کە گەر هاتوو هەڵبژاردەی ئینگلتەرەش ئەم نازناوی بردەوە هەر یەکە ٤٥٠ هەزار یۆرۆ وەردەگرن و یاریزانانی هەڵبژاردەی بەڕازیلیش بڕی ٣٠٠ هەزار یۆرۆ وەردەگرن گەر نازناوەکە ببنەوە، جێگەی باسە ئەو پاداشتەی کە یاریزانانی ئیسپانی وەری دەگرن زۆر کەمترە لەوەی کە یاریزانانی ریال مەدرید وەری دەگرن گەر لە وەرزێك دوو نازناوی ناوەخۆ و ئەورووپا ببنەوە ئەوە بڕی ٩٥٠ هەزار یۆرۆ کە دەکاتە ١,٤ ملیۆن دۆلار وەردەگرن.

## ریال مەدرید لە پێشەنگدایە


لە نوێترین توێژینەوە دا دەرکەوت کە ٧ یانەی ئینگلیزی و (٥) یانەی ئەڵمانی لە نێو ئەو یانانە دێن کە داهاتێکی بەرزیان لە وەرزی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ هەبووە کە لیستەکە ٢٠ یانەی بەخۆوە گرتبوو کە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بە پلەی یەکەم و داهاتەکەی ٤٠١,٤ ملیۆن یۆرۆ و یانەی بەرشلۆنە بە پلەی دووەم بە داهاتی ٣٦٥,٩ [redacted] یۆرۆ و یانەی ما نچستە ر یۆنایتد [redacted] پلەی سێیەم و بە داهاتی ٣٢٧ ملیۆن یۆرۆ و یانەی بایەرن میونیخ پارێزگاری لە پلەی چوارەم کرد بە داهاتی ٢٨٩,٥ ملیۆن یۆرۆ ئەمەو یانەی هامبۆرگ لە پلەی ١٥ هاتە پلەی ١١ بە داهاتی ١٤٦,٧ ملیۆن یۆرۆ، جێگەی باسە یانەکانی ئینگلیزی بە پلەی یەکەم دێن لە نێو لیستەکە کە ژمارەیان ٧ یانەیە جێگەی باسە ئەم زانیارییانە لە یەکگرتووی دیلویتی داهاتەکانی جیهانی وەرگرتووە کە جێگای متمانەیە.

# رۆنی تۆڵەی خۆم لە رۆناڵدۆ

هێرشبەری یانەی مانچستەر یۆنایتد و هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە لە تۆپی پێ واین رۆنی سوورە لەسەر ئەوەی تۆڵەی خۆی لە برادەری پێشووی لە مان یۆنایتد کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە مۆندیالی داهاتوو بکاتەوە، جێگەی باسە رۆنی لە خولەکی ٦٢ لە میانی یارییەکانی مۆندیالی ئەڵمانیا لە یاری نێوان ئینگڵتەرە و پورتوگال لە لایەن ناوبژیوان بە کارتی سوور دەرکرا، هەندێ کەس دەڵێن رۆناڵدۆ چووە لای ناوبژیوانی ئەرژەنتینی هیکتۆر ئەلیەزوندۆ و داوای لێکرد کارتی سوور بداتە رۆنی کە بە قاچەکانی بەسەر یاریزان ریکاردۆ کارفالۆ کەوت و لەم رۆژەوە رۆنی لە رۆناڵدۆ تورەیە، ئەمەو رۆنی دەڵێ ئەو کاتە ناخۆشەم لە بیر ناچێ کە بەوهۆیەوە لە یاریگا دەرکرام و هەوڵ دەدەم لە مۆندیالی داهاتوو تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە. رۆنی لە لێدوانەکەیدا لەگەڵ تۆڕی سکای سپۆرتس زیاتر گوتی: بەراستی رۆناڵدۆ باشترین یاریزانی جیهانە و هەردەم بەو ئاستە بەرزە دەمینێتەوە، هەروەها گوتی: هەموو هەوڵێکی خۆم دەخەمە گەڕ بۆ ئەوەی لە یاریگا دەری بکەم، چونکە دەزانم بۆ وای لەمن کرد و دوای یاریش پێم گوت: بزانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئینگڵتەرە چ دەقەومێ و چیت بەسەر دێت، رۆنی زیاتر گوتی: هەر لە هەمان شەو هیچ لە نێوانماندا نەماو وەکو پێشتر برادەریمان بەهێز بوو تا ئێستاش بەردەوامە و بە مۆبایل لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندی داین.

رۆنی هیوای ئەوە دەخوازێ لە وەرزی ئەمساڵ شەیتانە سوورەکان نازناوەکە ببنەوە و هاوکاری وڵاتەکەشی بکات نازناوی مۆندیالی ١٩٦٦ دووبارە بکەنەوە.

رۆنی لە کۆتاییدا گوتی: ئاواتەکانم لە دوو



## رۆژنامەکانی جیهانی ستایشی میسی دەکەن

دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو یانەی بەرشلۆنە توانی سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار بکات و بە ئەنجامی چوار گۆڵ بەرانبەر گۆڵێك لە یانەی ئەرسناڵ بباتەوە. لە چوارچێوەی یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەم یارییە میسی ئاستێکی سەرنج ڕاکێشی پێشکەش کرد و توانی چوار گۆڵی یەکجار جوان تۆمار بکات و تیپەکەی بگەیەنێتە قۆناغی پێش کۆتایی. دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە رۆژنامەکانی جیهان ستایشی ئاست بەرزی ئەم یاریزانەیان کرد، ئەمەش هەندێك لەم رۆژنامانە کە باس لە ئاست بەرزی میسی دەکەن.

لاگازێتا دیل سپۆرت ئیتاڵیا: میسی جیهانێکە لە داهێنان، میسی لە جیهانێکی ترە.

کۆریرۆ دیل و سپۆرت: کۆشتنی تۆپی پێ تەنیا میسی-ە، بەراستی جادوکەرە.

ماڵپەری فیفا: میسی بە چوار ئەستێرە ئەرسناڵی خنکاند.

رۆژنامەی مارکا کە سەر بە یانەی ریال مەدریدە: جیهانی تۆپی پێ لە ژێر پێیەکانی میسیە.

رۆژنامەی ئاس کە سەر بە یانەی ریال مەدریدە: ئەوپیاوەی کە لێ دەترسێن میسی-ە، میسی لە جیهانێکی ترە.

دێلی مێل ئینگلیزی: بیلیە و ماردۆنا.. هتد، ئێستاش بەخێر هاتنی پاشای نوێی دەکەین.

لکیب فەرنسا: جادوکەر لە کەتالۆنیادا ژیان دەباتە سەر.

بێڵد ئەڵمانیا: چیرۆکی تۆپی پێ میسی میسی میسی میسی-ە.

گلۆبۆ بەرازیل: میسی کوشندەیە.

فۆلها دی ساو پاولۆ بەرازیل: چوار جار ناوت دەنووسین میسی میسی میسی میسی.

لانس بەرازیلی: تەنیا میسی.

ئێل تیلیگرافۆئیکوادۆر: باشترین یاریزانی جیهانی میسی-ە.

## مۆرینهۆ مێژوویەکی تری بۆ خۆی تۆمار کرد



دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو یانەی ئەنتەر میلان توانی سەرکەوێت بۆ قۆناغی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، بەم سەرکەوتنە مۆرینهۆ-ی راهێنەر مێژوویەکی بۆ خۆی تۆمار کرد کاتێك بووە یەکەم راهێنەر کە بتوانێ لەگەڵ سێ یانەی جیاواز بگاتە قۆناغی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

کاتێك لەگەڵ هەریەکە لە یانەکانی پۆرتۆی پورتوگالی و چێلسی ئینگلیزی و ئەنتەر میلان-ی ئیتالی توانی بۆ ئەم قۆناغە سەربکەوێت.

جێگەی باسە یانەی ئەنتەر میلان رووبەرووی یانەی بەرشلۆنە دەبێتەوە لە یاری پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.





## دەکەمەوە

پاڵەوانێتی گەورە نەهاتە دی لە یۆڕۆی ٢٠٠٤ لە پورتوگال تووشی پێکان هاتم و لە مۆندیالی ئەڵمانیای ٢٠٠٦ بە کارتی سوور دەرکرام.

جێگەی باسە ئەم لێدوانەی رۆنی پێش یاری بایرەن میونیخ و مانچستەر یۆنایتد هات کە تیاییدا رۆنی تووشی پێکانێکی قورس هات.

## ئەرسین فینگر: بەرشلۆنە باشترین یانەیە کە لە دژی یاریم کردووە



راهێنەری یانەی ئەرسناڵ ئەرسن فینگر لە لێدوانەکانیدا بۆ رۆژنامەکان تەئکیدی لەوە کردووە کە یانەی بەرشلۆنە باشترین یانەی جیهانە و گوتی: گواردیۆلا باشترین راهێنەرە و یانەی بەرشلۆنە بەهێزترین یانەی جیهانە کە تا ئێستا لە دژی یارییم کردووە، بەرشلۆنە تیپێکی بەهێزە بە شێوازی کۆمەڵ یاری دەکەن و بردنەوە لە یانەی بەرشلۆنە ئەرکێکی زۆر قورسە بۆ هەموو یانەکان.

ئەرسین فینگر گوتی: هیچ یانەیەك ناتوانێت بەرانبەر بەرشلۆنە یاریگا بکاتەوە، چونکە بەرشلۆنە شێوازی یاریکردنی زۆر خێرایە.

## گواردیۆلا بەرگری لە هێنری دەکات

یانەی بەرشلۆنە و گواردیۆلای راهێنەر بەرگریان لە یاریزانی هێرشبەری کاتالۆنی تیری هینری کرد کە لەم دواییەدا لە لایەن دەزگاکانی راگەیاندنی فەرەنسا هێرشێکی توندی کرایە سەری، گوایە ئاستی لە دابەزیندایە و لەم یارییە دۆستانەی دواییدا ئاستی وەك پێویست نەبووە بە تایبەتی لە یاری دژی ئیسپانیا کە بە دوو گۆڵی بێ بەرامبەر دۆڕان، هینری بە خودی خۆی دانی بەوە نا کە ئاستی وەك پێویست نەبووە، گواردیۆلا لەسەر ماڵپەری فەرمی بەرشلۆنە بەرگرییەکی تەواوی لە فەڕەنسی تێری هینری کرد و گوتی: ئەم یاریزانە جەنگاوەر و راستگۆیە لە کارەکەی، هەروەها گوتی: گەر هێنری نەبووایە ئێمەش وەرزی پارساڵ (٦) نازناومان بە دەست نە دەهێنا.

# کێ دەبێتە پاڵەوانی کوردستان بۆ تۆپی پێ


پێشمەرگەی سلێمانی


هەولێر

دوای ئەوەی یەکەم خولی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ دەستی پێکرد، لەم ساڵەوە ئەم خولە ڕۆژ بە ڕۆژ پێش دەکەوێت و ڕکابەریی لە نێوان یانەکان زیاتر دەبێت و ئاستی هونەری تیپەکان زیاتر پێش دەکەوێت و لە ڕاگەیاندنەکانیش زیاتر بایەخی پێدەدرێت.

لە وەرزی ئەمساڵ ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێو یانەکان هەیە و تا هەفتەی کۆتایی پاڵەوانی خولەکە و پلەکانی پێشەوە دیار نییە، چونکە ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێوان یانەکانی هەولێر و پێشمەرگەی سلێمانی لەسەر نازناوی خولەکە هەیە و یانەی بروسك و کەرکوك لەسەر پلەکانی سێیەم و چوارەم لە ڕکابەریدان.

## کێ دەبێتە پاڵەوان

لە هەفتەی کۆتایی خولی نایابەکانی کوردستاندا یارییەکی یەکجار بەهێز ئەنجام دەدرێت، کاتێك هەردوو یانەی هەولێر و پێشمەرگەی سلێمانی ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، لەم یارییە پاڵەوانی خولەکە دەستنیشان دەکرێت، جگە لەو دوو یانەیە هەردوو یانەی بروسك و کەرکوك تا یارییەکانی هەفتەی پێش کۆتایی ڕکابەرییان لەسەر نازناوی خولەکە دەکرد، بەڵام چانسی بە دەستهێنانی ئەم خولەیان لە دوا ساتەکاندا لە دەستدا، بەتایبەتی یانەی بروسك کە پاڵەوانی دوو وەرزی ڕابردووی خولەکە بوو، ئەمساڵ نەیتوانی پارێزگاری لێ بکات.

## بۆچی جەماوەر ئامادەی یارییەکان نایێت؟

ساڵ دوای ساڵ ئاستی خولی نایابی کوردستان پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، یانەکان لە هەموو لایەنێکەوە زیاتر بایەخ بە خولی نایابی کوردستان دەدەن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە زۆربەی یارییەکاندا جەماوەر ئامادەی یارییەکان نایێت، تەنیا یانەی شێروانە نەبێت کە لە گشت یارییەکاندا، کە لە شارۆچکەی کەلار ئەنجام دەدرێت، جەماوەرێکی یەکجار زۆر ئامادەی بینینی یارییەکان دەبن و هانی یانەکەیان دەدەن، ئەمەش جێگەی دەستخۆشیە، دەبێ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بە زووترین کات چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە.

## سامیح ڕۆستەم گۆڵکارە

سامیح ڕۆستەم-ی یاریزانی هێڵی هێرشبەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی توانی نازناوی گۆڵکاری خولەکە بەدەست بهێنێت بە جیاوازیەکی زۆر لەگەڵ یاریزانەکانی تر دوای ئەوەی توانی لە زۆربەی یارییەکان گۆڵ تۆمار بکات و ئاستێکی یەکجار بەرز نیشان بدات، بەڵام ئەوەی تیبینمان کردووە ئەو یاریزانەی کە دەبێتە گۆڵکاری خولی کوردستان لە وەرزی داهاتوو ئاستی دادەبەزێت، وەکو کارساز محەمەد-ی یاریزانی یانەی سیروانی نوێ کە پارساڵ گۆڵکاری خولەکە بوو، بەڵام ئەمساڵ ئاستێکی یەکجار خراپی نیشان دا، کە ئەمەش دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارە

## یەکێتی تۆپی پێی کوردستان چالاکترین یەکێتی وەرزشییە

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان چالاکترین یەکێتی وەرزشییە لە کوردستان، دەتوانم بڵێم لەسەر ئاستی عێراق، چونکە توانی چەندین خول بکاتەوە و گشت خولەکان سەرکەوتووانە بە بێ کێشە کۆتایی پێهات، توانی خولی پلە سێیەکانی کوردستان و دووەکانی کوردستان و خولی پلە یەکەکانی کوردستان و خولی پلە نایابەکانی کوردستان و خولی لاوان و تازەپێگەیشتووان بکاتەوە، لە هەمان کاتدا چەندین خولی ڕاهێنەرایەتی و ڕاگەیاندن و ڕاهێنەرانی گۆڵچی و ناوبژیوان لەسەر ئاستی کوردستان بکاتەوە، ئەم هەموو چالاکییە لەسەر بودجەی خۆی ئەنجامی دا، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی خولی کوردستان و ئەم هەنگاوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان جێگەی دەستخۆشیە.

## مێژووی خولی کوردستان

ئەمەش کورتەیەك دەربارەی مێژووی خولی کوردستان و ناوی ئەم یانانەی کە توانیان نازناوی خولەکان بەدەست بهێنن.

٢٠٠٣-٢٠٠٤ یانەی ئارارات
٢٠٠٤-٢٠٠٥ یانەی هەولێر
٢٠٠٥-٢٠٠٦ یانەی هەولێر
٢٠٠٦-٢٠٠٧ یانەی دهۆك
٢٠٠٧-٢٠٠٨ یانەی بروسك
٢٠٠٨-٢٠٠٩ یانەی بروسك.

ئەوەی جێگەی باسە ڕۆژی پێنجشەممە لە یاریگەی ئاڵا کاتژمێر ٣ی ئێوارە یاری لووتکەی خولی نایابی کوردستان لە نێوان هەردوو یانەی هەولێر و پێشمەرگەی سلێمانی ئەنجام دەدرێت، لەم یارییە پاڵەوانی خولەکە دەستنیشان دەکرێت.

ڕێبین ڕەمزی

## کاوە ئەحمەد ئەندامی یەکێتی تۆپی پێی سلێمانی

# گرفتی سەرەکی ئێمە نەبوونی یاریگایە



**کاوە ئەحمەد یەکێك لە وەرزشکارە دێرینەکانی شاری سلێمانییە و ماوەیەکە ئەندامی یەکێتی تۆپی پێی لقی سلێمانییە و بەرپرسی دارایی ئەم لقەیە و رۆڵێکی بەرچاوی لە دروستکردنی چەندین تیپی تۆپی پێ لەم شارە هەبووە. ئێمەش بۆ ئاگاداربوون لە ئاستی تۆپی پێی شاری سلێمانی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

*** ئاستی تۆپی پێی منداڵان لە شاری سلێمانی چۆن دەبینی؟**

- لەسەرەتادا منداڵان بە وەرزشکردن رادەهێنین، هیچ کات حەز ناکەین منداڵان لە یاریگا بچووکەکان فێری تۆپی پێ بکەین، چونکە یاریگا بچووکەکان بۆ وەرزشکردن زیانی زۆرە، ساڵانە لە شاری سلێمانی و دەوروبەری چەندین خولی تۆپی پێ بۆ منداڵان ئەنجام دەدەین، هەر پاڵەوانێتیەك بکەینەوە تیپێك بۆ هەڵبژاردەی شاری سلێمانی دروست دەکەین.

*** راستە بەهۆی ئەم کێشانەی دواییە لەنێوان هەردوو یەکێتی تۆپی پێی کۆن و ئێستا هەبووە، ماوەیەکی زۆرە بودجەتان وەرنەگرتووە؟**

- خۆی دەبوایە بودجەکەمان لە مانگی ١٢ی ساڵی رابردوو بهاتبایە، مرۆڤ دەبێت بە ئامانەتەوە قسە بکات، کاتی خۆی عەبدولخالق مەسعود لە کاتی خۆیدا پارەی بە ئێمە دەدا، ٣مانگە بودجەمان وەرنەگرتووە، بەڵام دوای هاتنەوەی ئەم یەکێتییە بودجەکەمان باش بووە.

*** ئایا یەکێتی تۆپی پێی کوردستان تاچەند هاوکاریتان دەکات؟**

- یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەردەم پشتگیری لە لقی سلێمانی کردووە و مانگانەش ٨٠٠ هەزار دینارمان بۆخەرج دەکات.

*** کێشەو گرفتەکانی ئێوە زیاتر چین؟**

- گرفتی سەرەکی ئێمە نەبوونی یاریگایە.

*** ئەی بۆ پاڵەوانێتیەکان یانەکانی شاری سلێمانی تاچەند بۆپێدانی یاریزان هاوکاریتان دەکەن؟**

- خۆی بڕیارێك بۆیانەکان هەیە ئەگەر پاڵەوانێتیەکان بۆئاستی لاوان یان تازە پێگەیشتوان بکرێتەوە، هەرکەسێ هەڵبژێرین بۆ هەڵبژاردەکە لەگەڵمان نێت، ئەوە دەتوانین رێبگربین لە یاری کردن.

*** لە قوتابخانەکانی ئێوە، هیچ یاریزانێکتان بە یانەکان داوە؟**

- تا ئێستا هیچ یاریزانێکمان بە یانەکان نەداوە، ئەگەر لە رووی بوونی یاریگاوە هاوکاریمان بکرێت، ئەوە یاریزان بە یانەکان دەدەین.

*** هەوڵتان نەداوە راهێنەرێکی بەتوانا بۆ پێگەیاندنی ئەم منداڵانە بهێنن؟**

- لە راستیدا زۆر راهێنەری بەتوانا هەن، ئامادەشن بەبێ بەرامبەر کار بکەن، یەکێك لەمانەش حەمە بچکۆلە، کە تا ئەم ساتە تیپێکی بۆخۆی دروستکردووە، یانەی سلێمانیش زۆر هاوکاریمان دەکەن و سوپاسیان دەکەین.

*** هەوڵتان نەداوە لە شاری سلێمانی کچانیش بهێننە نێو یاری تۆپی پێ؟**

- لە سەرەتا تیپی هەڵبژاردەی کچانی سلێمانی دروستکرا و بە هاوکاری چەند برادەرێك خولیشمان بۆ کردونەتەوە و هەڵبژاردەی سلێمانیشمان لە ئاستی کچان دروستکردووە، لە دوای رووخانی رژێمی بەغدا توانیمان ببینە پاڵەوانی عێراق، تا ئێستاش سەرپەرشتیاری تیپی فوتسالی کچانی سلێمانیم و راهێنەریشمان بۆ داناوە.

*** خولی بەردەوامیان بۆ ئەنجام دەدەن؟**

- ئەگەر یانەکان تیپی فوتسال ئامادە بکەن، ئێمەش بەپێی توانا خولی بەردەوامیان بۆ دەکەینەوە.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە بۆ گۆڤاری گوڵان؟**

- سوپاسی گۆڤاری گوڵانی ئازیز دەکەم، هیوادارم بەردەوام بێت لە پاڵپشتیکردنی وەرزشکارانی کوردستان و بتوانێ زیاتر تیشك بخاتە سەر بابەتە گرنگەکانی نێو چینی وەرزشوانان.

دیمانە:
کارزان کانەبی